# هەڵسوڕاوانی حکومەت چیلکە لەچالاکیە نەتەوەییەکان وەردەدەن

## هاشم عەبدوڵڵا محێدین

ئەوەی لە باشووری کوردستان دا دەگوزەرێ دەقاودەق پێچەوانەی ئەو رەوشەیە کە لە وڵاتانی دیکەی جیهان دا برەوی پێدەدرێ، تەنانەت لاپەرە دەقگرتووەکانی مێژووش ئاوەژوو دەکرێنەوە، بە قۆقزی پێشانی نەوەی نوێ دەدرێن و پانتایی کێشەو چالاکیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانیشیان پێدەشوێندرێ.

لە مێژووی خەباتی نەتەوەو وڵاتان دا دەخوێنینەوە، لە وانەو سیاسەتەکانی حزب و رێکخراوە سیاسیەکانی جیهان ورد دەبینەوە و گەلێک ئاکارو کردەوەیی باش و بەجێیان لێ فێر دەبین، بەڵام کاتێک بە خێرایی چاوێک بە رەفتارەکانی هەڵسوڕاوانی حزبە دەستەڵاتدارەکان و فەرمانڕەوایانی باشووری کوردستان دەخشێنین نەک هەر هەناسە سارد دەبین، بەڵکو زۆر نیگەران و دڵشکاوانە سەر لە ناکامی دەردێنین.

**ساڵی** 1993 حزبی رزگاریی کوردستان بەرێوەبەردنی ریفراندۆمی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی باشووری کوردستان بەرز کردەوە، دواتریش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئەو دروشمەی هەڵگرت، دوای رووخانی رژێمی بەعس کاتێک هەستکرا کە جەماوەرێکی بەرفراوان بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوای بەرێوەبردنی ریفراندۆم دەکەن، ئیدی حزبە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان نووسەر و رۆشنبیرانی سەر بەخۆیان هاندا تا بە دەنگی بەرز بانگەشە بۆ بەرێوەبردنی ریفراندۆم بکەن، بەوهۆیەوە ماوەیەکی زۆر جەماوەریان خەریک کرد، لە هەندەرانیشدا چیلکەیان لە بزووتنەوەی ریفراندۆم وەردا و دەستیان بەسەر داگرت. وێڕای ئەوەی لە دەنگدانی نافەرمی دا کە لە 13-1-2005 بەرێوەچوو کوردستانیان بە رێژەی 98% دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەو مەسەلەیەی لە سازشی دەستکەوتی کورسی ناوەند دۆڕاند. بەوهۆیەوە دەرکەوت کە چالاکڤانانی پێشکۆی حزبە دەستەڵاتدارەکان بۆ سەرخستنی ئامانجی حزب بەشدارییان لەو کایەیەدا کردو زیرەکانەش بەرێوەیان برد. سەرەنجام ئەو ئیمزایانەی کە بۆسەربەخۆیی کوردستان کۆکرابوونەوە لە کۆگە داکران و بە فەرامۆشی سپێردران.

کاتێک **ناوەندی چاک** لیبراوانە تێکۆشانی خۆی بۆ ناساندنی بەرێوەبەرانی شاڵاوی ئەنفال وەکو تاوانبارانی جەنگ وەرێخست، هەوڵیان دا نزار خەزرەجی و وەفیق سامەرایی و هاودەستەکانی دیکەیان رادەستی دادگەی نێودەوڵەتی بکرێن هەندێک لایەنی سیاسی کوردستان نەک پشتیوانیان لە هەڵمەت و تێکۆشانی ناوەندی چاک دا نەکرد، بەڵکو نامەی پشتگیرییان بۆ تاوانباران نووسی و داوایان لە دادگەی دانمارک و وڵاتانی دیکەی ئەورووپادا کرد کە گوێ لەو کوردانە نەگرن کە رەوشی سیاسی کوردستان و ناوچەکە لەبەر چاو ناگرن و لەخۆڕاوە تێکۆشەران وەکو تاوانبار دەناسێنن!!

لەلایەکی دیکەشەوە ماوەیەکە هەموومان ئاگاداری ئەو تێکۆشانەی(**ناوەندی چاک**)ین کە زۆر لیبراوانە هەوڵ دەدات تا ئەنفالکردنی کوردستانیان بە جینۆساید بناسێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش ئیمزای دەیان سەرۆک حزب و سیاسەتمەدارو پەرلەمانتاری وڵاتانی ئەورووپای مسۆگەرکردووە، تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە لە رۆژی 6-5-2007 دا کۆنفرانسێکی لەنێو هۆڵی پەرلەمانی سوید بەرێوەبرد، پەیوەندی بە پەرلەمانتارانی دانمارک و نۆرویژەوە کرد، چەندین حزبی سیاسی ئەورووپا راشکاوانە پشتیوانیان لە کەمپینی ناوەندی چاک کردووەو هەوڵ دەدەن شاڵاوی ئەنفالکردنی کوردستانیان بە جینۆساید بناسێنن، بەڵام ئێستا هەندێ چالاکڤانی سەر بە حزبە دەستەڵاتدارەکان دەیانەوێ بەرەکە لەژێر پێی ناوەندی چاک و کوردانی هەندەران دەربێنن، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکەن وا بڵاودەکەنەوە کە دەیانەوێ شاڵاوی ئەنفالکردنی کوردستانیان بە جینۆساید بناسێنن و دۆست و هاوسۆزی بۆ پەیدا بکەن!! لەو پێوەندەدا دەپرسم: "ئەگەر ئەو چالاکڤانانە بە دەستی حزبەکان و حکومەتەوە بە جولە نەخراون و نیازیانە کۆمەک و خزمەتی راستین بە دۆزی رەوای گەلی کوردستان و قوربانیانی شاڵای ئەنفال بکەن، دەبێ پێوەندی بە ناوەندی چاک و رەوەندی کورد لە هەندەرانەوە بکەن، نابێ ئامانجیان هەرەس پێهێنانی ئەو هەڵمەتە بێ کە ئێستا رەوتی ئاسایی خۆی وەرگرتووەو بە هێواشی بەرەو بەندەری دوایین دەڕوات"

ئێستا زۆرێک لە پەرۆشانی دۆزی رەوای کوردستان هەستیان بەو راستیە کردووە و دەبینن کە ئەگەر کارو چالاکیەک بە دەستی ئەندامانی حزبە دەستەڵاتدارەکانەوە بەرێوەنەچێ و ئومێدی سەرکەوتنی لێبکرێ و بەختی گەورەی لەبەردەم دا هەبێ، ئیدی ئەو حزبانە بەشێک لە هەڵسوڕاوانی سەربەخۆیان بە مەبەستی تێکدان و لەبارچووواندنی رەوشەکانەوە دەنێو چالاکیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان دەخزێنن، دەیانەوێ لە ناوەوە بنکۆڵی بکەن و بەرەو هەڵدێری ببەن و چارەنووسێکی نادیاری وەکو بزووتنەوەی ریفراندۆمی بۆ بنەخشێنن، ئێستاش کە ژمارەیەک کەسی سەر بە حزبە دەستەڵاتدارەکان و نزیک لە بۆچوون و رامانی ئەوانەوە خۆیان بە خاوەنی ئەو بزووتنەوەیە دەزانن کە ئامانجیانە پرۆسەی ئەنفالکردنی کوردستانیان بە جینۆساید بناسرێ نەک هەر سارد بوونەتەوە بەڵکو دڵتەنگ و نیگەران لە داهاتوو دەڕوانن و دەپرسن: ئاخر بۆچی حزبە دەستەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان دەیانەوێ لەهەموو چێشتێکدا کەوچی شکاو بن ؟! بۆچی رێ لەو کاروچالاکیانە دەگرن کە رێکخراوێکی دیکەی کوردستانی هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێتەوە ؟! ئایا هەموو بزاڤ و تێکۆشانێک بە مەبەستی سەرخستنی دۆزی رەوای گەل و نیشتمانەکەمان نیە؟! ئایا ئەگەر کەسانی دیکە و رێکخراوی دیکە بەرەو کارێکی نەتەوەیی برۆن و تێیدا سەرکەوتووبن، پشکی سەرکەوتن وەبەر حزبە دەستەڵاتدارەکانیش ناکەوێ و هەمووان تێیدا سوودمەند نابن؟!

راستە هەموو نیشتمانپەروەرێک و وڵاتییێکی دڵسۆز مافی رەوای خۆیەتی کە دڵسۆزانە بۆ سەرخستنی دۆزی رەوای گەلەکەی تێبکۆشێ و هەنگاوی کردەیی هەڵبگرێتەوە، بەڵام بۆچی هەمیشە حزبە دەستەڵاتدارەکان لە دوای جەماوەر و رێکخراوەکانی دیکەوە هەستیان بە کێشەکان و رێگەچارەکانیان کردووە؟! بۆچی کاتێک دەستەیەک یان رێکخراوێکی دیکە بۆ سەرخستن و بەرەو پێشەوەبردنی کێشەی رەوای گەل و نیشتمان هەنگاوێک دەهاوێژن ئەوان رەخنەی لێدەگرن، پەنجەی لێ رادەوەشێنن و تۆمەتباری دەکەن و هەوڵی بەرتەسک کردنەوەو پوچەڵکردنەوەی چالاکیەکانی دەدەن، دواتریش کە هەست بە سەرکەوتنی دەکەن بە پەلەپرۆزێ خۆیان یان کەسانی سەربەخۆیانی تێوەدەخزێنن، ئەگەر سەرکەوتن وەدەست بێنێ، بە سەروەری بۆ حزبەکەی خۆیان دەیگێڕنەوە، وەک ئەوەی لەبەرانبەر دۆسیەی **فرانس ڤان ئەنرات** نواندیان.

ناوەندی چاک لە راگەیاندراوێکی دا نووسیویەتی : ئەرێ کەسێکی تێکۆشەری شارەزا هەیە نەزانێ کە **چاک** و دۆستەکانی بوون (نزار خەزرەجی) ئەنفالچییان لە دانیمارک دایە دادگە و قەفەسی تاوانبارییان لێ تەنگ کردەوە؟! کەسێکی بە ئاگا هەیە نەزانێ کە هەر(چاک) بوو وەفیق سامەرایی سەرۆکی ئیستخباراتی عێراقیی دایە دادگا؟! ئەرێ کەسێکی شارەزا و راستگۆ هەیە نەزانێ کە (چاک) بوو یەکەم دەنگ و یەکەم رێکخراوێک بوو بانگەوازی هەموو گەلی کورد و حزب و رێکخراوەکانی کرد، بۆ کاری هەرەوەزی لە دادگاییکردنی (سەدام حوسێن)دا؟! کەسێک هەیە ئاگاداری خەباتی (چاک) بۆ دادگەییکردنی (فرانس ڤان ئەنرات)نەبووبێ؟!

منیش دەڵێم: ئەرێ کەسێکی نیشتمانپەروەر هەیە نەزانێ کە ناوەندی چاک کەمپینێکی بەرفراوانی دەست پێکردووەو ئامانجیەتی کە ئەنفالکردنی کوردستانیان بە جینۆساید بناسرێ؟! لەو بەستێنەشدا چالاکی بێبەرابەری ئەنجام داوەو سەدان واژۆی پەرلەمانتارانی ئەورووپای کۆکردۆتەوە؟!

# تۆژینەوەکانی ئەمریکا باس لە دابەشکردنی عێراق دەکەن

ئاکۆ مەجید — بەشی دووەم و کۆتایی




سنوورێکی پارێزراو، دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی نەوت لێکۆڵینەوە ئەمریکەیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەگەر عێراق بۆ چەند هەرێمێکی فیدراڵی دابەش ببێ زۆربەی کێشەکانی ناو عێراق چارەسەر دەبن، بەڵام دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان پێداگری و مکووڕبوونێکی شێلگیرانەی لەسەر دیاریکردنی سنوورەکاندا هەبێ. بۆ ئەوەی ئەمریکا بەلایەنگری پێکهاتەیەک تۆمەتبار نەکرێ، باشتر وایە کە نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبیش بۆ نێو هاوکێشەکە رابکێشرێن و سەرپەرشتی لە کێشانی سنووردا بکەن. ئەگەر هات و ئەو دووانە UN وکۆمکاری عەرەبی چاودێری و سەرپەرشتی دیاریکردنی سنووری هەرێمەکانیان کرد پێچەوانەی بەڵقان دەبێ، چونکە ئەوێ رۆژێ باڵیۆز ریچارد هۆڵ بروک سەرپەرشتی دابەشبوونی بۆسنەی کرد، ئەویش گلەیی و گازاندەی زۆری لێکەوتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکا راستگۆیی خۆی لە کێشەی تایفی نێوان پێکهاتەکانی عێراق لە دەست داوە، چونکە راشکاوانە داکۆکی لە سوننەکان دەکات، بەوهۆیەوە لێکۆڵینەوەکە بۆ دابەشکردنی عێراق و دیاریکردنی سنوورەکان دووپات لەسەر چەندین بنەما دەکاتەوە کە :

1- دیاریکردنی سنووری نوێ کاریگەری لەسەر دابەشکردنی پشکی نەوت نەکات. هەموو عێراقیەکان لە سامانی نەوت یەکسان بن. واتە بە یەکسانی بەسەر دانیشتووانی هەرێمەکان دا بەش بکرێ.

2- نابێ زۆر لە هیچ عێراقیەک بۆ گواستنەوە بۆ هەرێمەکان بکرێ. پێویستە سەربەستی تەواویان پێ بدرێ کە دەیانەوێ لە کامە هەرێم بژین. مەرج نیە هەرێمەکان سەد لەسەد لە سەر بنەمای تایفی بن.

3- یاساو رێسایێکی توند بۆ رێزگرتن و پاراستنی کەمە نەتەوەکان دابندرێ و رێگە لە توندوتیژی تایفی بگیرێ.

لێکۆڵینەوەکان دابەشکردنی داهاتی نەوت بە سەختترین هاوکێشەی نێو دابەشکردنی عێراق دادەنێن. پێیانوایە کە گرێکوێرەی کێشەو شەری نێوەخۆ لەسەروبەندی دەنگدان بۆ دەستووری هەمیشەیی لە ئابی 2005 سەری هەڵدا، چونکە دەستوور تەمومژی لە دابەشکردنی نەوت هێشتبۆوە. ئەمەش نیگەرانی سوننەکانی زیاتر کرد و متمانەی زۆرتریشی بە کوردەکان دابوو، لە کاتێکدا کە شیعەکان دەستەڵاتی تەواویان بەسەر بیرە نەوتەکانی باشووردا هەیە. سوننەکان لە دۆخێکی شلەژاوی هەڵواسراودا مانەوە، رێژەیان زیاتر لە 20% و داهاتی نەوتیشیان ناگاتە 10%.

لێکۆڵەرەوان پێیانوایە کاتێک دابەشکردنی عێراق سەرکەوتوو دەبێ کە دادپەروەرانە داهاتی نەوت بەسەر هەرێمەکان دابەش بکرێ. ئەگەر ئەم هەنگاوە هەڵنەگیرایەوە ئاسایش و ئارامی هەرێمەکان و ناوچەکە بە تەواوی تێک دەچێ. ئەو کاتە پێکهاتە و تایفەکان ململانێ لەسەر سامانی عێراق دەکەن، بەوهۆیەشەوە یۆژینەوەکان بە دڵنیاییەوە جەخت لەسەر دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی سامان و داهاتی نەوت دەکەنەوە و پێشنیار دەکەن کە پێش هەڵگرتنەوەی هەر هەنگاوێک ئەو پێشنیارە لەبەرچاو بگیرێ، کاری پێ بکرێ و گرەنتی داهاتووی بۆ دابین بکرێ. ئەمەش بەوە مسۆگەر دەکرێ کە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمەکان لەبەرچاو بگیرێ و رێژەی دابەشکردنەکە بەو هۆیەوە ئەنجام بدرێ، بەڵام سەختی رەوشەکە هەنووکە لەوەدایە کە سەرژمێر و ئامارێکی راست و وردی دانیشتووان لەبەر دەست دانیەو دەبێ بە زووترین کات سەرژمێری گشتی بەرێوەبچێ.

ناسنامەی نوێ

تۆژینەوەکان جەخت لەسەر دروستکردنی ناسنامەی نوێ بۆ دانیشتووانی هەرێمەکان دەکەنەوە. پێشنیار دەکەن کە دوای دابەشکردن و سەرژمێری گشتی ناسنامەی تایبەت بۆ هەر وڵاتیانی هەر هەرێمێک دروست بکرێ کە جیاوازی لەگەڵ هەرێمەکانی دیکەدا هەبێ. بەو هۆیەشەوە لە خاڵی پشکنین و بازگەکاندا ئاسانکاری دەکرێ و ئاستەنگەکان کەم دەکاتەوە.

لێکۆڵینەوەکان پێیانوایە کە ئەگەر زانیاری تەواو سەبارەت بە تاکەکانی کۆمەڵگەی عێراق، بە تایبەتیش دانیشتووانی هەرێمەکان بخرێتە ناو کۆمپیوتەری ناوەندییەوە زۆر بە ئاسانی کەسە توندڕۆ و ئاژاوەگێرەکان دەناسرێنەوەو دەستگیر دەکرێن. تۆژینەوەکان گوژمەی تێچووی ئەم پرۆسەیە بە یەک ملیار دۆلار دادەنێن. لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە ئەندازەو ژمارەی ئەو هێزە قوت پرسیار دروست دەکەن کە ئەو پرۆسەیە بەرێوەدەبات، بەتایبەتیش ئەو هێزەی کە چاودێری و سەرپەرشتی دیاریکردنی سنوورەکان دەکات.

تۆژینەوەکان پرۆسەی جێبەجێکردنی دابەشکردن و دیاریکردنی سنوورەکان بە هەستەوەر و سەخت دەبینێ، بەوهۆیەشەوە پێشنیار دەکەن کە هێزێکی 300 هەزار کەسی بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکە لەبەرچاوبگیرێ.

لێکۆڵینەوەکان پێیانوایە کە بڵاوکردنەوەی ئێستای هێزەکانی هاوپەیمانان هیچ پێوەندی بەو پێشنیارەوە نیە، هەروەها لەگەڵ ئەو ئامانجەش یەکناگرنەوە، چونکە ئامانج و ئەرکەکانیان لەیەکتریەوە جیاوازە، بەڵام ئەو هێزەی کە تایبەت بۆ پرۆسەی دابەشکردنی عێراق و دیاریکردنی سنوورەکان پێکدەهێنرێ هەم ئەرک و ئامانجی تایبەتیان دەبێ، هەمیش راستەوخۆ سنوورەکان دەپارێزن و رێگە لەبەردەم گروپە توندڕۆ و تێکدەرەکان دەگرن و دوژمنانی خۆیان دەناسن.

تۆژینەوەکان پێیانوایە ئەو هێزە ئەرکی پشکنین و پاراستنی سنوورەکان لە ئەستۆ دەگرێ، بەوهۆیەشەوە هەرێمەکان لەو کەسانەوە پاک دەکرێنەوە کە ئامانجی تێکدەرانە دەگرنەبەر. لانی کەم دەبێ ئێستا هێزی هاوپەیمانان لە عێراق کەم نەکرێتەوە، چونکە ئەمە لەگەڵ ئامانجی دابەشکردن و دیاریکردنی سنوورەکان یەکناگرێتەوە. ئەو هێزە تایبەتیەی کە بۆ چاودێریکردنی دابەشکردن و دیاریکردنی سنوورەکانیش پێکدەهێنرێ لانی کەم دەبێ لە ساڵێک تا 18 مانگ دوای پرۆسەی دابەشکردن لە شوێنی خۆیان بمێننەوە، بەوهۆیەشەوە پرۆسەکە سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام ئەگەر یەکسەر دوای ئەنجامدانی پرۆسەی دابەشکردن و دیاریکردنی سنوورەکان هێزی چاودێری و پاراستنی نێودەوڵەتی کشایەوە ئیدی ئاژاوەو شەرێکی سەختی دیکە دەست پێدەکات، هەم ئارامی هەرێمەکان هەمیش ئارامی ناوچەکە تێکدەدات.

•